


August 13, 2003

---

# گۆرانی و زازایی کوردین؟

•کارڵ هادانک

•لە ئاڵمانییەوە: هێدی

سێر چارڵز ویلیام ویلسۆن(1907 کۆچی دوایی کردووە) و سێر هێنری ڕاولینسۆن(1895 کۆچی دوایی کردووە) لە کوردیی کرمانجی تەنیا کەمێکیان دە گۆرانی و زازایی دا بەدی کردووە و پێیانوابووە زاراوەی گۆرانی تەواو لە هەر چەشنە[!] تەئسیرێکی زمانە سێمیتییەکان بەدوورە. بەو پێیە لە فارسی برێک نیزیکترە تا لە زاراوەی کرمانجی و هەر وەک زمانی فارسی دەچێ.

ئۆسکار مان لە ساڵی 1909 دا لە بەرگی یەکەمی بەرهەمەکانیدا(لێکۆڵینەوە فارسی - کوردییەکان، بەشی یەکەم) دەنووسێ: "گۆرانی، وەک زازایی، دەبێ لە کوردی جیا بکرێتەوە". ساڵێک پێشتریش لە وتارێکیدا(1) ئاماژە بە جیاوازیی ئێتنیکی(ڕەگەزیی) گۆرانەکان و کوردەکان دەکا. لە ساڵی 1921 دا "ئی. بی. سۆن" لە لاپەڕە 59 ی گۆڤارێکدا(2) دەنووسێ: "گۆرانی بە هیچ چەشنێک زاراوەیەکی کوردی نییە". کەچی ساڵی 1912، هەر لەو گۆڤارە دا، لە لاپەڕە 892 دا، باسی "زاراوەکانی هەورامی، گۆرانی، کەڵهوڕی و زەنگەنەیی، وەک زاراوەگەلی نیوە لوڕی" دەکا. واتە گۆرانیشی دەگەڵ زاراوە کوردییەکان تێکەڵ کردووە. هەر دوو ساڵە دا(1921) "ئاگێ مایەر بێنێدیکتسێن(3) و ئارتور کریستێنسێن(4) - ئەوەیان لایەنگری بۆچوونی "ف. س. ئاندرێئاس" بوو- داوای جیاکردنەوەی هەورامی[گۆرانی] و کوردییان کرد. لە لایەکی دیکەوە پێیانوابوو هەورامی و زازایی خزمایەتی نیزیکیان پێکەوە هەیە. هەروەها "ف. مینۆرسکی" لە ساڵی 1922 دا، لە لاپەڕە 291 ی "Notes sur la secte des Ahle-Haqq" دا دەنووسێ: "گۆرانی زاراوەیەکی کوردی نییە". دە بەرهەمەکانی دیکەشیدا لەسەر ئەو بۆچوونەی سوور بووە.

---

(1): وتارێک کە لە ڕۆژنامەی Leipziger Illustrierte Zeitung ، ژمارە 3383 (30 ی ئاپریلی 1908)، لاپەڕە 839، دا بڵاو کراوەتەوە. - تەنانەت "ک. ج. ڕیچ" کە بە لێکدانەوەیەکی هەڵەوە تێدەکۆشێ گۆرانەکان بە کوردەکانەوە ببەستێتەوە، لە شوێنێکی بەرهەمەکەیدا ناتوانێ خۆی لەو تێبینییە ببوێرێ کە کوردێکی خەڵکی سلێمانی زۆر بە زەحمەت دە کوردێکی گۆرانیی نیشتەجێی سنە دەگەیی. [بڕوانە: Claudius James Rich, Narrative of a residence in Koordistan, I, 138, London 1836]

(2): The Journal of the Royal Asiatic Society of Great Britain and Ireland. London

(3): Les dialectes d'Awroman et de Pawe (1921) ، لاپەڕەکانی 3 و 5 و دواتر

(4): سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 7 و دواتر

---

N
Ku
Kurd
Sara N

سەرچاوە:

,der Guran - Besonders das Kandulai, Auramani und Badschalani - Oskar Mann Mundarten (زاراوەکانی گۆران - بە تایبەت کەندولەیی، هەورامانی و باجەڵانی - ئۆسکار Bearbbeitet von Karl Hadank مان، ساغکردنەوەی کارڵ هادانک)، بێرلین 1930، لاپەڕە 55 و 56 - ئەو بەشەی وەرمگێڕاوەتەوە کارڵ هادانک نووسیویەتی. - هێدی-

- کوردی زاراوەیە یان زمان؟
- وشەخوازتن و داتاشین
- بابا تاهیر
- زمان و زاراوە
- پەرەسەندنی زمانی زازایی